# هەواڵی ئینتەرنێت و
# کورتکردنەوەی مەوداکانی گەیاندن

نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

" ئینتەرنێت " لەووشەی ئینگلیزی " net " ەوە وەرگیراوە کەبەمانای " تۆڕ " دێت , ئەم ووشەیە ئێستا مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت پاش ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاری گرێ دراوە و وەماناکەی بووەبە " تۆڕی زانیاری " یان " تۆڕی ناردنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆی " .

ئینتەرنێت رایەڵێکی گەورەیە زیاتر لە دەهەزار تۆڕ پێکدەهێنێت کەدەتوانرێت هەزارەها کەناڵی فەزاییەوە پەیوەندیان پێوە بکرێت.

ئینتەرنێت ڕایەڵەیەکی بەربلاوی چەندین کۆمپیوتەری پێکەوە بەستراوە , لەوێ یەوە بەخێرای لەبوارەکانی , زانست و نۆژداری و ڕووناکبیری و کۆمەلآیەتی و ئابووری و میدیادا زانیاری ئاڵو گۆڕی پێدەکرێت , ڕایەڵەی ئینتەرنێت هۆکاری بەستنەوەی هەمووکونجێکی جیهانە و بەجۆرێك دنیای بچوك کردۆتەوە و کردویەتی بەگوندێکی بچووك , بەهۆی ئینتەرنێتەوە شارەزای شارستانیەتی و داب و نەریت و زانستی دنیا دەبین. بەپێی زاراوەی زانیاریەکان گوزارشتە لە کۆمەڵێك کەرەستەو بابەتی زانیاری ئامێزی گرێدراو , جا ئەگەر تۆڕەکان ناوچەی بێت ( localarea network ) یاخود فراوان ( wide area network), ئینتەرنێت ئەوتۆڕەیە گشت جیهانی دادەپۆشێت, زاراوەی ئینتەرنێت کورتکراوەی هەردوو ووشەی ئینتەر کۆنێکتد ( inter connected) و نێت و ۆرکس ( net works ) ئینتەرنێت لەسەرانسەری جیهاندا بەگەورەترین تۆری زانیاریەکان دادەنرێت, ساڵی 1982 بۆیەکەمین جار ئەم زاراوەیە واتە ئینتەرنێت بەکارهات , ئەمەش بەهۆی ئامێرێکی بچووکەوە ئەنجام دەدرێت , کەبە مۆدیۆم ( modem) دەناسرێت , ئەم ئامێرە بەکاردێت بۆ گۆڕینی زانیاری یەکان بۆ کۆکردنەوەی ئیشارەتێکی کارەبای کەبەهۆی هێڵی تەلەفونەوە دەنێردرێت , هەروەها ئەمرۆ ئامێری پێشکەوتووی دیجیتاڵ و سەتەلایت بەکاردێت بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاری .

ڕێگە بەبەشدار بوانی دەدات بەچەندین شێواز پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و سود لەیەکتری وەربگرن وەکو گۆڕینەوەی پۆستی ئەلکترۆنی و گواستنەوەی فایل و گەیاندنی هەواڵەکان و کەلك وەرگرتن لەهەزاران بنکەی زانیاری و ئەنجامدانی دایەلۆگ و ڕاپرسی لەگەڵ یەکتری و گەشت کردن بەناو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تۆڕی ئینتەرنێت زیاتر زیاتر دەبێت ژمارەی لاپەڕەکانی و دۆکۆمێنتەکانی لەگەڵ ژمارەی بەشداربوانی زیاتر دەبێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سوودو کارئاسانیەی کەئەم تۆرە پێشکەشی دەکات .

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی لەسەر ئینتەرنێت کاریگەری هەیە لەجولأنەوەی ڕۆژنامەو لەناو خۆیدا کەبەڕێگەی زۆر ئاسان ئەتوانیٚ دەنگ و باس و ڕوداوی دەستکەویٚ یەك بەیەك و ماوەی کورتکردنەوەی بۆ ئەوەی چاوەڕێی ڕوداوەکانن کەمتر لەوەی بڕۆی بۆ بازاڕ ڕۆژنامەیەك یان گۆڤاریٚك بکڕیت و نرخی بەشداری چاپەمەنیەکانی بەهەموو جۆرەکانی بۆ سوك کردووی . دەرکەوتنی شوێنی ئەلکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت جۆریٚك شۆڕش بوو لەتەکنۆی ڕۆژنامەوانی ئەم ڕوودواوە , ئەگەر ڕاست بێت لە دەربڕیندا چاکەو خراپەی هەیە بەلأم پێش چونە ناو چاکەو خراپەکەی پێویستە پرسیار بکەین کامە ڕاستە کەکام ئەلکترۆنی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وە هەموو ئەوانەی ئەخوێنرێنەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەدنیادا گواستنەوەی دەنگ و باس و ڕووداو بێگومان ناونانی شوێن ناوێکی گشتی یە شوێن هەموو شوێنێك ئەگرێتەوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت لەشوێنی زانیاری و کەسایەتی لەسەر و هونەرمەندانە و شوێنی بازرگانی لەکۆمپانیا و دوکانەکان و دامەزراوەکان و بازاڕەکان شوێنی تر لەپەیوەندی بەدائیرەو دامەزراوە میریەکان و کەرتی تایبەتی و هیتر کەلەبارەی پارتەکان و باڵە ڕامیاریەکان و هەتا شوێنی گومان لێکرا و بۆ مەبەستی مخابەراتی وجاسوسی هەتا شوێنی ئاینی و شوێنی ڕابواردن پەروەردەی و فێرکاری و شوێنی پەیوەندار بەمنداڵ و گەنج و ژن .....

داڕشتنی هەواڵ بەپێی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنووسی لەئینتەرنێتدا کەدەبێت هەواڵەکان کورت و پوخت و مانادار بێت پێچ و پەنایان نەبێت و ئەگەر کرا وێنەیان لەگەڵدا بێت واچاکە تەواوی درێژەی هەواڵەکان پەخش نەکرێت و لەناو لینکێکی تردا دابنرێت .

ئینتەرنێت هەندێك شێوازی ڕۆژنامەوانی وبیستراو وبینراو لەخۆدەگرێت، ، زۆرجار (ماڵپەڕ) ئەلکترۆنییەکان وتاری هەواڵئامێز بڵاو دەکەنەوە کە خوێنەر بە ئاسانی بیخوێنێتەوە, هەروەك ئەو وتارانەدا کە ڕۆژنامەکان بڵاودەکەرێنەوە، وەهەندیٚ جاری تریش بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت واهەڵدەبژێرن کە بەشێکی تۆمارکراوی ڤیدیۆیی ببینن وبەمەش ئینتەرنێت وەك پەخشی تەلەفزیۆنیی لێدێت، هەر بابەتێك لە ئینتەرنێتدا بڵاوببێتەوە دەتوانرێت هەموو ئەو گۆشانەی تیادا بەکاربهێنرێت کەلە ئینتەرنێتدا دابینکراوە، ئەمە ئەو هۆکارە نوێیەیە کە وا لەخوێنەر یان ئەو کەسەی پێگەکەی کردۆتەوە دەکات ببێت بەبەشداربوێك وشێوازی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی دابینکراون، (نورا پول) بەڕێوەبەری پەیمانگای توێژینەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نوێی زانکۆی( مینیسوتا) دەڵێت(ئەگەر هەندێك سەرچاوە لە ژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنەری ئینتەرنێتدا بوایە، ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی کە بابەتەکە شێوەیەکی نویٚ وەرگرێت لە شێوەکانی پێشکەشکردنی بابەتەکان).

(جۆناسان دیوٚب) باس لەو کاریگەرییانە دەکات کە ئینتەرنێت وهەندێك لە شێوازە تەکنەلۆژیا نوێکان لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن دروستی دەکەن ودەبنە مایەی گۆڕانکاری تیایاندا ودەڵێت(ئەو رۆژنامەنووسانەی کارەکەیان لەسەر ئینتەرنێت دەکەن دەبێت بیر لە زۆر ئاست بکەنەوە لەیەك کاتدا وەك: وشەکان، هزر، بونیادی بابەتەکە، دیزاین، هۆکارەکانی ئاوێتەبوون، دەنگ، ڤیدیۆ، وێنە. تەلفزیۆن هەواڵەکان پەخشدەکات بۆئەوەی جەماوەر بیبینێت،

ڕۆژنامەنوسی نووسراویش لە هەواڵەکان وپێشکەشکردنی درێژەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئینتەرنێت بواری پێشکەشکردن وهەواڵ ورونکردنەوە وئاوێتەبوونەکان دەدات وپێشکەشی دەکات، بۆئەوەی ئەمەش بەرجەستە بێت ڕۆژنامەنووسانی سەر ئینتەرنێت زانیارییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن، ئەویش بە بەکارهێنانی شێوازی هەمەچەشنە لەبابەتەکانیاندا. هەوڵ و کۆششی مرۆڤ لەساڵەکانی کۆتای سەدەی بیستەمدا بۆ دەست پێڕاگەیشتنی ئاسان و خێراو کەم خەرج بەزانیاری و ئیمکانی لێکدانەوەو تاوتوێ کردن و کردنی ئەو زانیاریانە بەزانست . گەیشتنە ئاکام و ئینسانی هوشیار بەکەڵك وەرگرتنی لەهاردیسك و ئۆفسێت و بەیارمەتی کۆمپیوتەر دەتوانێت لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەستی بەکۆمەڵێکی زۆر هەواڵ و زانیاری بگات . داهێنانی تەکنەلۆژی نوێ لەبواری پەیوەندیە ئینسانیەکاندا گۆڕانکاری زۆر گەورەی پێك هێناوە , بەجۆرێك کەدەتوانیت ڕاشکاوانە بڵێین کەئاڵوگۆڕ وگەشەی تەکنەلۆژی لەپەیوەندیەکاندا زیاتر لەبوارەکانی دیکەی زانیاری مرۆڤایەتی پێشکەوتن و گەشەی بەخۆیەوە بینیوە .

ئەگەر دۆزینەوەی چاپ لەلایەن ( گۆتێنبرگ ) ەوە دابنرێت بەسەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامە بەو مانایەی ئەمڕۆ بەسەریدایراوە . ئەوا دۆزینەوەی ئینتەرنێت و بڵاو بوونەوەی بەشێوەیەکی خێراو فراوان لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی لەڕۆژنامەو پیشەی ڕۆژنامەگەریدا بەرپاکرد و بوو بەمایەی دەرکەوتنی جۆرێکی نوێ لەڕۆژنامە کەبەڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی(Electronic News Paper) یان ڕۆژنامەی ناکاغەزی ( Paperless News Paper) ناسراوەو بەوێنەی موناسیێکی ڕۆژنامەی چاپکراو لەشێوە تەقلیدیەکەی ئێستادا کەوتە خۆسەپاندن لەقۆناغی بەکارهێنانیدا یان مامەڵە کردن لەگەڵیدا لەلایەن جەماوەرەوە , پاشان وەك جێگرەوەیەك بۆ ئەو جۆرەی ڕۆژنامە لەکاتی گەیشتنی بەقۆناغی پشت پێبەستنی لەلایەن خوێنەرانەوە .

ئاسانترین شێوازەکانی پێشکەشکردنی بابەتەکان لە ئینتەرنێتدا بەوە باس دەکرێت کە(چاپکراوێکە لەگەڵ هەندێك زیادەدا)و بریتی یە لە دەقێکی نووسراو لە بابەت کە تیایدا سەرچاوەی دیکە لەخۆدەگرێت وەك وێنەی فۆتۆگرافی وپارچە دەنگییەکان یان وێنە گیراوەکان بە ڤیدیۆ، یان ئاماژەکردن بە پێگەی تری ئەلکترۆنی تا زانیاری زیاتر بەدەستکەوێت،

بڵاوکراوە ئەلکترۆنیەکان هاوکات لەگەڵ گەشەی ڕوو لەپێشی ژمارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و چوونە سەرەوەی ڕێژەی بەردەنگەکان . بۆ وەرگرتنی پاك و شەفاف بوون بڵاوکردنەوەی بابەت و وێنەکان لەشێوازی نوێ کەڵك وەردەگرن .

بەزامنکردنی پێگەی تر ئەو پەیامنێرەی پیشەکەی لە ئینتەرنێتدا بەکاردەهێنێت دەتوانێت خوێنەری بابەتەکە ڕەوانەی پێگەی تری ئەلکترۆنی بکات کە زانیارییان تێیدایە، پێدەچێت هەندێك لەو پێگانە پەیوەندییان بەو دامەزراوەیەوە نەبێت کە پەیامنێرەکە کاری تیادا دەکات بەڵام زانیاریی بنیچینەیی ومێژوویی زیاتریان تێدایە، دەکرێت ئەو بابەتانەی لەئینتەرنێتدا بڵاودەبنەوە ناونیشانی پێگەی ئەلکترۆنیی تری تێدا بڵاوبکرێتەوە تاوەکو خوێنەر بتوانێت

بگـــەڕێت ،بۆنموونـــە، ئەگـــەر بابەتەکـــە بـــاس لەکەمبوونـــەوەی نمـــرەی خوێنکـــاران لـــە تاقیکردنـەوەکانی سـەرە تـایی دواناوەندییەکانـدا بکـات لەسـەرجەم وڵاتـدا، پێدەچێت لـەو پێگـە ئەلکترۆنییانەی پەیوەندییان بەبڵاوکردنەوەی (بەیان)ەوە هەیە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هەموو خوێنـدنگاکان بڵاوکرابێنـەوە وئەوکاتـە خوێنـەر دەتوانێـت لـەو خوێندنگاکایـە بگـەڕێت کـە مەبەستێتی.

شـێوازێکی تـریش هەیـە کەبەرێژەیـەکی زیـاتر بـەکاردەهێنرێت لـەوەی پێشووتر باسـکرا، ئەویش(کلیك کردنە لەسەر ئەو شوێنەی ئەکتیڤ دەکرێت) یـان ئـەو ڕونکردنەوانـەی لـە دیزاینـی لاپەڕە ئەلکترۆنییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

ئەو ئامرازانەی ڕێگە بەخوێنەری ئینتەرنێتی دەدەن گـەڕانێك لەچواچێوەی مەودایەکدا بکات کەبگاتـە (360) پلـە پێشکەشکردنی زانیارییـەکان لـە ئینتەرنێتـدا بـەهێزتر دەکـەن، کەئەمـەش یـەکێك لەبەرنامـە وێنەییـە جوڵاوەکـانی کۆمپیوتـەر دەتوانێـت بیکـات کـە پێیـدەوترێت (فـلاش دیـسك) ولەرێگەیـــەوە خوێنـــەر دەتوانێـــت دزاینـــی پێکهاتـــەکان بـــەکاربهێنێت وەك ڤیـــدیۆ وهۆکارەکانی ڕونکردنەوەو وێنەی جوڵاو، بۆ نموونە تۆڕی (BBC)ی لەندەن پێگەیەکی تایبـەت کردووە لەسەر مادە بێهۆشکەرو دەرمانە قەدەغکراوەکان وکحولییەکان، ئـەم پێگەیـە کارئاسـانی بۆ بەکارهێنەری ئینتەرنێت دەکات دەرمانێك یان هەر مادەیەکی بێهۆشکەر دیاری بکات وبزانێت تاچەند کاریگەریی لەسەر ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ هەیە، هـەروەها دەتوانێت زانیـاریی زیـاتری لـەبواری تەندروسـتیدا دەسـت بکـەوێت، هـەروەها بـۆ نموونـە پێگـەی مەتـەڵ و یارییـەکان کـە لەشێوەی پرسیارو وەڵامدان دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت.

سەرچاوە بۆ دامەزراندانی ڕۆژنامەی ئـەلکترۆنی ڕۆژنامەنوسـەکان ڕاهـاتوون لەسـەر نوسـینی بەبەکارهێنانی چەند نموونەیەك بۆ ڕێکخستنی دەقە کە , کـە بەسـتراوەتەوە بەپەیوەنـدی نێوان سەرەتاو کۆتایی , بەڵام لەڕۆژنامـەی ئـەلکترۆنی ئـەم بنەماییـە نـەماوە چونکە لاپـەڕەی پێشوازی هەیە لەڕۆژنامەدا پێك دێت گۆشەکانی ڕۆژنامـە بـۆ ئـەوەی خوێنـەر ڕێگـەی تربگرێـت بـۆ گـەیشتن بەمادده چاکەکان ئەتوانرێ خاڵەپێویستەکان دیاری بکرێت لەچەسپاندنی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

(جۆناسـان دیـۆب) دەڵێـت نووسـین لـە ئینتەرنێتـدا تێکەڵـە یـان ئاوێتەیەکـە لەنووسـین بـۆ ڕۆژنامەگـەریی چـاپکراو یـان ڕۆژنامەگـەریی بینـرا و بیسـتراو، تەئکیـد لـەوەش دەکاتـەوە کەئـەو شێوازی سادەیی و کورتکراوەییـەی ئەوانـە پێیـان باشـە کەلـە ڕاگەیاندنـە بینـراو وبیسـتراوەکاندا کاردەکەن وا دەکات ئەوەی لە ئینتەرنێتدا دەنووسرێت بەئاسانی بخوێنرێتەوەو بەدواداچونی بۆ بکرێـت، بـەڵام جۆناسـان ئامـاژە بـەوەش دەدات کـە زۆرێـك لـە پێگـە ئەلکترۆنییـەکان بنـەما سەرەکییەکانی نووسینی نوێ پشتگوێ دەخەن، پەیرەوکردنی شێوەی وتووێژی شتێکی باشـە، بەڵام هەردەبێت ڕێزمان وزمانەوانی تیایدا ڕەچاو بکرێت.

(سـکوت ئەتکینـسۆن) بەڕوبـەرێکی هـەواڵی تەلەفزیۆنییـە، دەڵێت(باشـترین ئامۆژگـاری کـە هەمـە ئەوەیە، وا بۆ ئینتەرنێت بنووسە هەروەك چۆن نامەیـەکی ئـەلکترۆنی بـۆ هاوڕێیـەکت دەنووسـی،

ئەمەش مانای ئەوە نییە ناتوانیت هەڵە بکەیت یان وابێت مانای سەرگوزشتەکەت ونبکەیت یان لەچوارچێوەی دەرچوو بیت، بەڵکو مەبەستی لەوەیە لە نووسینەکەتدا شێوازێکی خۆشەویست ئامێزانە بەکار بهێنە تا دەتوانییت).

لەگەڵ ئەوەی پێگە هەواڵییەکان لە ئینتەرنێت وەك نەریتێك هەڵبژاردنی جۆراوجۆری بۆ بەکارهێنەرانی دابینکردووە، بەڵام پێویستە لەسەر نووسەران پێشەکیی دوورودرێژ یان ئاڵۆز وەلانێن کە خوێنەر ناتوانێت خێرا لەمەبەست بگات، پێشەکییەکە دەبێت هاندەربێت بۆ بەردەوامبوون لەخوێندنەوەدا، ئەگەر نا خوێنەر ڕودەکاتە خوێندنەوەی بابەتێکی تر، بابەتەکان لە ئینتەرنێتدا بەگشتی لەو بابەتانە کورتترن کە لەڕۆژنامەکاندا دەنووسرێن، باشوایە بابەتێکی ئینتەرنێتی لەسنووری (800) وشەدا بێت ولەیەك پەڕەدا بنووسرێت، توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت وا دەخوازن وئارەزوودەکەن پەڕەکە تاکۆتاییەکەی بخوێننەوە، بەڵام پاساویشیان پێ نییە بۆ ناچاربونییان لەچوون بۆ پەڕەکانی تر تا بابەتەکە تەواو بخوێنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی وەرگرتن و تێگەیشتنی بابەتەکە ئاسان بێت(دیۆب) بۆ ئەوانەی لە ئینتەرنێتدا دەنووسن پێشنیازدەکات دەقی بابەتەکە دابەشبکرێت بۆ چەند بڕگەیەکی جۆراوجۆر ومانشێتی فەرعی بەکاربێت وبابەتەکە دابەش بکرێت بۆ چەند خاڵێکی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی بیروڕاکان بەڕێگەیەك زۆر جیاوازتر لەوەی لەڕۆژنامەگەریی چاپکراودا ڕوو دەدات.

ڕۆژنامەنوسی لە ئینتەرنێتدا ڕێگە بۆ خوێنەران ئاسان دەکات بۆ قسەکردنی ڕاستەوخۆ وخێرا لەگەڵ نووسەر یان سەرنووسەرەکاندا ئەویش لە ڕێگەی ئیمێڵەوەیە یان لە ڕێگەی گفتووگۆی ڕاستەخۆ (چات– chat–)وە لە ئینتەرنێتدا، بێجگە لەوەش زۆر پێگە هەن شوێنی دیاریکراو تەرخان دەکەن بۆ پێشکەشکردنی ڕاوبۆچوون و کاردانەوەکانی خوێنەران تا کەسانی تریش ئاگایان لەوەبێت کە نووسەرەکە دەینوسێ و وەڵامی بدەنەوە.

ڕادیۆی گشتیی لە (مینسیوتا) لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەرێکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ پەیوەندی یان نامەی ئەلکترۆنی (ئیمێڵ) بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای خەڵك و کاردانەوەی جەماوەر لەسەر ئەوەی لەڕێگەی چەخماخە (اپیر) یان ئەوەی لە ئینتەرنێتدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها داوا لە گوێگران دەکات پەیوەندییان پێوەبکەن یان ئیمێڵیان بۆ بنێرن بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی زیاتر پێیان، هەروەها بڵاوکراوەکان لە پێگەی تایبەتی ئەو ڕادیۆیەدا گۆشەیەکی تایبەت لە خۆدەگرێت بە ناونیشانی(یارمەتیمان بدە بۆ بەدوواداچونی بابەتەکە) ئەویش بەمەبەستی ئەوەی خەڵك بتوانێت ڕا وسەرنجی خۆی بدات .

هەروەها ڕادیۆکە ڕاپرسییەك ئەنجام دەدات لەنێوان جەماوەرەکەیدا پێش بەرهەم هێنانی ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، وەك باسکردنی حاڵەتی باری ئابووری لە ویلایەتەکەدا، (بیل بۆزینبێرگ) بریکاری سەرۆکی هەواڵ لەو ڕادیۆیەدا دەڵێت هاوکاری وهەماهەنگی جەماوەر دەبێتە هۆی(وردتر بەدواداچوون و زیاتر قوڵبوونەوەی هەواڵی کەتیایدا زۆرێك لە پەند ونموونە و ڕای واقعیانە لە خۆ دەگرێ). ئەوجیاوازیانەی کەلەمیکانیزمی

**کارکردن لەڕۆژنامەی کاغەزی وئەلکترۆنیدا هەیە وای کردووە خەڵکی ئێمە هێشتا بەڕیتمی ڕۆژنامەی کاغەزی دێت کار لەڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەکات ئەمەش هەڵەی گەورەیە و چونکە میکانیزمی کارکردن لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیدا لەهەموو ڕووەکانی هونەری ڕۆژنامەوانیەوە جیاوازە بۆ نموونە لەداڕشتنی هەواڵەوە تا دانانی وتارێك. لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی ئامرازێکی میدیاییەو لەڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە دەگاتە جەماوەر , جیاوازیشە لەهەندێك زاراوەی نزیك لێیەوە وەك هەواڵی ئەلکترۆنی ( ELECTRONIC NEWS) کەبەر لەوبەکارهێنراوە بۆ ئاماژەدان بەشێوازێکی مومارەسەی ڕۆژنامەوانی کەئامێرە ئەلکترۆنیەکان وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەناو کۆمەڵە سیستەمێکی دیاریکراوی وەك تیلیتێکست دا ئەنجامی دەدەن.**

**سەرچاوەکان:**

-ناتق خەلوسی , ئینتەرنێت تۆڕی زانیاری جیهان , وەرگێڕانی ئەکرەم قەرەداغی , چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی . 2003

-سامان فەوزی , میدیای ئینتەرنێت و گرفتەیاسایییەکان , وەرگێڕانی هونەر رەسوڵ , چاپ و پەخشی سەردەم , 2004

-ئومێد مەسعودی , بنەماکانی نووسین لەڕاگەیاندندا , وەرگێڕ جوامێر مارابی , چاپی یەکەم چاپخانەی سیما سلێمانی 2005

-د. نجوى عبدالسلام فهمى . المجله العلميهلجوب الاعلام تجربه العماقه الالكترونيه اعصريه والديته , العدد الرابع , ديسمبر 1998.

-دیبۆرا بۆتەر:بەڕێوەبەری جێبەجێکاری,نیوزلاب- ڕێبەری ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی سلێمانی وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: حەمید ئەحمەد

-www.newslab.org